فێری زانست مەبن بۆئەوەی شانازی پێوە بکەن لە لای زانایان، ونە بۆئەوەی مشتومڕی پێوە بکەن لەگەڵ نەفامەکان

لە جابری کوڕی عبداللەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «فێری زانست مەبن بۆئەوەی شانازی پێوە بکەن لە لای زانایان، ونە بۆئەوەی مشتومڕی پێوە بکەن لەگەڵ نەفامەکان، ونە بۆئەوەی باشترین شوێن هەڵبژێرن لەنێو دانیشتنەکان، هەرکەسێک وابکات، ئەوا ئاگر ئاگر (دۆزەخ چاوەڕێی دەکات)».

[سەحیح - ڕاست)] [(ابن ماجه) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هۆشداری داوە لەفێربوونی زانست بۆ شانازی کردن وخۆنواندن لەپێش زانایان، بۆئەوەی دەریبخات ئەو زانایە وەکو ئەوان، یان بۆئەوەی مشتومڕی پێبکات لەگەڵ نەفامەکان وکەم ئەقڵەکان، یان فێری زانست بێت بۆئەوەی لە دانیشتنەکان شوێنی باش وبەرزی هەبێت، ولەسەرو خەڵکی بێت. هەرکەسێک نیەتی بەم شێوەیە بێت؛ ئەوا شایستەی چوونە دۆزەخە بەهۆی ڕیا ودڵسۆز نەبوون بۆ خوای گەورە لە فێربوونی زانستی شەرعی.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65047